Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە:

# ئیعدامی هاوڕێ ئیسماعیلی محەمەدی، بەڵگەیەکی دیکەی دوژمنایەتی رژیمی کۆماری ئیسلامییە لە گەڵ خەڵکی کوردستان

دوێنێ بەیانی13ی خەرمانان، لە حاڵێکدا کە دوو کچە کەم تەمەنەکەی کاک ئیسماعیلی محەمەدی، وێڕای باوەپیرەیان، لەبەردەم زیندانی ورمێ، بە هیوای چاوپێکەوتن لەگەڵ باوکیان وەستابوون، وەسییەتنامەو هێندێک لە کەل وپەلی هاوڕێ ئیسماعیلی محەمەدیان پێ دانەوە و تەنانەت دانەوەی تەرمەکەشیان خستە رۆژێ دواتر.

ئەم هەڵسوو کەوتە دژە مرۆڤانەیە سیمای راستەقینەی رژیمی ئیسلامی و هەروەها دوژمنایەتیەکەی لە گەڵ خەڵکی کوردستان بە باشترین شێوە نیشان دەدا. ئەگەر دوێنێ شوانەی سەید قادر، لاوی مەهابادییان بەو شێوە وحشیانەیە و لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەدا شەهید کرد و ئەمڕۆش ئیسماعیلی محەمەدی تەنیا چەند دەقیقە بە لە چاوپێکەوتن لە گەڵ منداڵەکانی ئیعدام دەکەن، لە راستیدا دەیانهەوێ خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەن و بەم شێوەیە بڕیاری خۆیان بۆ سەرکوت بەروونی نیشانی خەڵك بدەن. ئیعدامی کاک ئیسماعیلی محەمەدی لە دۆخێك دا کە دووساڵە هەموو نیهادە جیهانییەکانی ماڤ مرۆڤ و وەزیرانی دەرەوەی چەندین وڵاتی ئورووپایی وکانادا، کەسایەتیە بە ناو بانگەکانی پشتیوان و پارێزەری ماڤ مرۆڤ و رێکخراوە بەناوبانگە کرێکارییەکان و نیهادە مرۆڤ دۆستەکانی دیکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدامی هاوڕێ ئیسماعیلی محەمەدی لە هەوڵ دابوون، نیشانەی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن وسەرکوتە کەرژیمی ئەحمەدی نژاد بۆ ئەم مەبەستە هاتۆتە سەرکار. کاک ئیسماعیلی محەمەدی، یەکەم کەس نییە کە ئاوا بێ بەزییانە کۆتایی بە ژیانی دەهێنرێ ودواین کەسیش نابێت، بەڵام بێ گومان ئەم کردەوە وەحشیانەی رژیم لە حاست ئەو، تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی چوونە سەرەوەی رق وقین خەڵك لەم رژیمە و پتەوتر بوونی ورەی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان وریزەکانی کۆمەڵە و خەڵکی کوردستان سوورتر دەکات لە سەر بڕیاری رووخاندنی ئەم رژیمە.

ئێمە سوپاس وپێزانینی خۆمان، پێشکەش بە هەموو رەوت و رێکخراوە سیاسی ونیهادو هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لەم ماوەیەدا بۆ رزگار کردنی گیانی هاوڕێ ئیسماعیلی محەمەدی، لە هیچ هەوڵ وکۆششێك دریغیان نەکردو دڵنیاین کە ئەم جۆرە هاوپشتییانەی ریزەکانەی ئۆپۆزیسیۆنی

ئێرانی پتەوتر دەكات و بواری یەكێەتی خەبات و دژ بە دام و دەزگا و كوشتار و دیكتاتۆری پتەوتر دەكا و رێگەی بە دی هێنانی ئازادی و دێمۆكراسی لە بارتر دەكات.

بەرزوبەرێز بێت یادی هاورێ ئیسماعیلی محەمەدی پێشمەرگەی فیداكاری كۆمەڵە
بژی یەكێەتی هاوپشتیی خەباتی خەڵكی ئێران
سەركەوێ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵكی كوردستان
مەرگ ونەمان بۆ رژیمی جینایەتكاری كۆماری ئیسلامی

**كۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران**
14خەرمانانی 1384
5ی سێپتامبری 2005زایینی


www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701515134**